## لە عاریف عامییەک پرسیی هەواڵی مەسلەخ و قەصصاب

## بە ئەنگوشتی شەهادەی کرد ئیشارەی مەحکەمە و نائیب (1)

## (( مرۆڤی نایاسایی نییە بەڵام یاسای نا ئینسانی هەیە))



**مەحمود محەمەد عوسمان**

ئەم نووسینە یان باشتر بڵێم ئەم رستەیە سەرنجی راکێشام . تۆ بڵێ ئەم نووسینە هەروا وترابێ ؟ بەبێ بیرکردنەوە ،یان هیج داواکارییەک لە دوای ئەمەوە نەبێت! لەوباوەرەدا نیم کە هەڕەمەکیانە هاتبێ و هیج خوێندنەوەیەکی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابێ .

رەنگە وتەی کەسێکی بە توانا بێ لە بوواری کۆمەڵایەتی و یاسا ،و رەنگە قسەی کەسێکی سادە بێت کە لە ناو کێشمەکێشە کۆمەڵایتییەکاندا بوونی هەبێ ، یان وتەی ئازادیخوازێک بێت دوای بەفۆرمەکردنی قسەی خەڵکی سادە، یان و سەدان یان . ئەم دروشمە لەسەر نهۆمی چوارەمی باڵەخانەیەک نووسرابوو ، لەلایەن چەند کەسێکی هەژارەوە بەرزکرابووەوە و ئێمەیش لەگەڵ ئەو هەزارەها کەسە کە خۆپیشاندانمان کرد دژ بە دەسەڵاتی هۆلەندی لە ئەمستردام ، وەک مەنسەیەکی پیرۆز سەیرمان ئەکرد و دەستی هاوپشتیمان بۆیان بەرز ئەکردەوە .

مرۆڤ یاسا درووست ئەکات و یاسا لەخزمەتی دەسەڵاتە کە بەردەوامبوونی هێڵی گشتی بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتە بۆ بەهێزکردنی دام و دەزگای دەسەڵات و پشتگیری کردنی کردەوەکانی . یاسایش بە شێوەیەکی تر خوێندنەوەی جۆرا وجۆری هەیە ،بەڵام نەک وەک مێژو و فیکر و فەلسەفە ، خوێندنەوەکەی تری یاسا لەوەوەیە کە دەسەڵات بە هێزی ئابوری و سیاسی و دەزگاکانی ئاسایش چەند فەقەرەیەک بەکار ئەهێنی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی و تەنانەت سەرکوتکردنی خەڵکی ئازادی بەهەر بیانویەک بێت ،و ئەگەڕێت بەدوای بڕگەکانی یاسا بۆ پاڵپشتی خۆی و چەواشەکردنی راستییەکان ، یان یاسایەک بە ئارادا ئەهێنێ کە سەرتاپا دژ بە مەدەنییەت بێت، ئەگەر تەنانەتیش چەند بڕگەیەکی تێدا بێت کە لایەنگری ئازادی و مافی مرۆڤ بێت ، ئەوا دەسەڵات بە زیرەکانە ئەو بڕگانە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری ئەهێنێ ، و مۆرکی یاسا و شەرعیەتی پێ ئەبەخشێ .

دیقەت بدەن ئەو هەموو یاسایانەی کە مۆرکی شەرعیەتی دەوڵەتی پێ ئەدەن بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانیان ، سنوور ئەبڕێ ، شەڕ بەرپائەکات ،خەڵک ئەخاتە زندان ،هەر بەناوی شەرعیەتی دەوڵەتییەوە و بەناو یاساوە . پارە شوێن ئەمادە ئەکات بۆ خاوەنەکەی ویاسایش دەستخۆشی لێ ئەکات ، کەلتوور و یاسا و زۆر شتی تر لە کۆمەڵگە دەستەو ئەژنۆ ئەوەستن بۆ پێشوازی کردن لە خاوەن پارەکە ، پلەی باشی ئەدەنێ تەنانەت بۆ بەشداری لە بڕیاردانی زۆر شت .

دەسەڵات هیچ کات ئازادی خەڵات نەکردووە بۆ خەڵک ، ئەگەر ئازادیش هەبێ یان ئەگەر لە توێ یاساکاندا بڕگەیەکی ئازادی تێدا بێت ، ئەوە ڕەنجی خەڵکی ئازادیخوازانە ، هەرچەندە دەسەڵات سیمای خۆی جوان ئەکات بەو ڕەنجە بەشیوەی جۆرا و جۆر .

ئە و دێرە شیعرەی مەحوی ماندوو بوونی نەگەرەکە بۆ ئەوەی بگەیتە مەقسەدی . خۆ دیوانەکەی و سەدان شیعری وا هەیە دەسەڵاتیش بە چاپیان ئەگەیەنێ . بەڵام ئەگەر بۆ مەسەلەیەک بەکاری بهێنی یان بۆ رەخنەیەک ئەو دێرە زێرانە بەکار بهێنی رەنگە ئەگەر مەحوی زندوبووایە لەخاج ئەدرا.

وەسفی ئازادی بکەم ؟ قسەی هەموو ئەو ناودارانە و پیرمەندانە بهێنمەوە بۆ بەهێزکردنی نووسین کە کۆکەرەوەی هیوا و ئاواتی خەڵکی سادەیە کە بە جوانترین شێوە و پڕ مانا تەسویریان کردووە ؟یان لە زمانی پاڵەوانەکانی رۆمانە پڕ ئەندێشەکان دەستی پێبکەم ؟ یان هەر قسەی کەسانی بەدبەخت کە رۆژانە روبەروی نەبوونی ئازادی ئەبنەوە و زمانیان بە سادەی دێتە گفت بەڵام زۆر سادقانە کە رەنگدانەوەی بوونی کۆمەڵایتییانە و مەرگ ئەبینن کە کەناڵێک نەبێ ، هیچ نەبێ قسەی دەردی دڵیان بکەن لە بێ بەشیان لە سادترین پێوەسیتییەکانی ژیان ؟ کامیان بخەمە پێش ؟ پێوستییەکانی جەسەد یان بیرکردنەوەی جەسەد ؟ باسی ئازادی تەنها بۆ د کەمال بکەم ؟ یان بڵێم ئازادی دابش ناکرێ وەک بابلۆ نیرۆدا ئاسا . بە کورتی ئەڵیم نابێ لە بوارێکدا ئازاد بین و لەبەشەکانی تر ئازاد نەبین ، ناکرێ قسەمان هەبێ بۆ ئازادی دەربڕین وبەگژ دەسەڵاتدا نەچین بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی ئینسانی هاوچەرخ،باس ئازادی بکەین بەڵام حزب بڕیار ئەدات بۆ هەڵسەنگاندنی پەروەردەو فێرکردن ، نابێ لە توێ قسە و باسەکانمان باس لە ئازادی بکەین بەڵام یەکسانی ژن و پیاو بوونی نەبێ و ڕۆژانە ژنان بوونەتە قوربانی خیتابی ئاینی و موقەدەس و دەسەڵات و پاراستنی کەلتوری باوک سالاری و خێڵەکی ، و ئەگەر مودەعی ئازادین ، ئەبێ هاوار و تورەبوونمان هەبێ بەرامبەر پەلهاوێشتنی ئاین لە هەموو گۆڕەپانەکانی چالاکی مرۆڤ .

لەسەر کێشەی در کەمال ئەم چەند دێرە ئەنووسم

1– منیش ئەگەر ئەم نووسینەیەم بەمە دەستی پێ بکەم (( من لەگەڵ نووسینەکەی د. کەمال نیم یان لە ئەلفەوە هەتا کۆتایی لەگەڵی نیم ))، ئەمەیش بۆ خۆی ترسێکە لە نادیار ، وتاڕادەیەک دیدگەیەکی سیاسی نییە ، ئەگینا مەسەلەیەکی تایبەتی خاوەن نووسینەکەیە و خۆی بەرپرسیارە لە وەڵامدانەوە . چونکە کەسێکی ئەفریقی یان چینی تورە ئەبن لەسەر جۆری دەستگیرکردنەکەی وناڕەزایی دەر ئەبڕن بە بێ ئەوەی بزانن لەسەر جی ئەو حوکمەی بەسەر دراوە ،بەڵام هەست بەوە ئەکەن کە ئەبێ بەشێوەیەکی هاوچەرخانە خەڵک و دام و دەزگای دەسەڵات ئەگەر دەعوەتیان لەسەر کەسانی تر هەبێ تۆماری بکەن بۆ هەر مەسەلەیک . هەروەها خۆشمان دژ بە دەستگیری کردنی ئەو نووسەرانەین کە بەهەمان شێواز ئەگیرێن و حۆکم ئەدرێن لەهەرکوێ بن لە ئەفغانستان بن یان لە غینیا و گرنگیش نییە بزانین چیان نووسیەوە، و پاڵپشتی مافی هەموو ئینسانێکین ، و هاوار ئەکەین کە ئەبێ بە شێوەیەکی شارستانیانە ئینسان بانگ بکرێ بۆ دادگا ( مرۆڤ ئەبێ رێزی لێ بگیرێ نەک بەزەیی ( مەکسیم گۆرگی ) . جوانترین سفەتەکانی بزیشکی و رەنگە وەک دەستور بێت ئەڵی ( ئێمە مامەڵە لەگەڵ جەسەد ئەکەین ، نە رەنگ نە زمان نە بیرکردنەوە نە هیچ شتێکی تر کارمان تێ ناکات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکە ) چونکە ئەوان مرۆڤ رزگار ئەکەن لە دەردەکە ، ئازادیش ئەبێ هەموو کەسێ بە حورمەتەوە ببرێتە دادگا تەنانەت ئەگەر دادگایش بەڵگەی هەبێ .

2– شیوەی گرتنەکەی د. کەمال لە حوکمەکەی سەختتر بوو ، چونکە ئەو جۆرە گرتنە رێگە خۆشکردن بوو بۆ کۆتای هێنانی . هەر ئەبێ بەشەو یان بە بێ ئاگادارکردنەو خەڵک ڕاپێچی دادگا بکرێ ، ئەم شێوە دەستگیری کردنە لە وڵاتەکانی ئۆروپایش ئەنجام ئەدرێ ،بەڵام لەکاتێکدا کە ئەو کەسە تاوانێکی کردبێ و پۆلیس یان پێاوانی ئاسایش بگەنە سەری .یەعنی لەکاتی کوشتن یان دزیکردن یان تاوانێکی عەمەلی . بەڵام لەسەر نووسین بەو شێوەیە ! من بۆ خۆم ئەڵێم ئەو شێوە دەستگیریکردنی د . کەمال نەمانی جەسەدی لەدواوا بوو .

پەناهەندەی کورد و عێراقی لەم وڵاتانەدا کە کێس پێشکەش ئەکەن ، بۆ مافی مانەوە ،هەندێکیان ئەڵێن بەشەو کوتایەنە سەرم ، یان ئەڵێن یەکسەر دەستگیرکرام ، سەیر ئەوەیە دادگا لێرە باوڕیان پێناکات ، ئەڵی بە بێ ئاگادارکردنەوە جۆن دەستگیرکران ؟ کوا بەڵگەتان ؟ کوا تەبلیغی پۆلیس ؟ بۆیە باوریان پێناکەن ، خوێنەر با خۆی وەڵامی ئەمە بداتەوە.

هەر لە هۆڵەندا پیم فۆرتاون ، رەنگە ئەگەر نەکۆژرابێ پلەیەکی بەرزی هەبووبێ لە دەسەڵاتی هۆڵەندا ، بکوژەکەی دوای ساڵێک لە دادگای و بەڵگەو و دانپێنانی بە تاوانەکە بە 18 ساڵ دادگای کرا . و میدیاش ئەیوت ئەوەی کە( تاوان بار کراوە ) بە کوشتنی پیم فۆرتاون نەی ئەوت بکوژی پیم فۆرتاون . نموونە زۆرە و نزیکتریان ڤرانس ئانراتی ژەهر فرۆشە کە 15 ساڵ حوکمدرا .

ئەگەر بڕیارە دیموکراسی هەبێ و حورمەتی ئینسانتان لا مەبەستە . ئەبوایە بە نامە ئاگاداری د . کەمالتان بکردایەتەوە و بتانوتایە ، بە گوێرەی دەعوەت نامەیەک کە لەلایەن چەند کەسێکەوە لەسەرت تۆمار کراوە ، ئەبێ لە رۆژی ئەوەندە لە دادگای بیت ، و پاشان لە میدیا ئەویش مافی قسەکردنی هەبووایە و داوای پارێزەری بکردایە و بە شێوەیەکی مەدەنی کە خۆیشی داوای ئەوەی کردووە .

بەڵام بەو شێوەیە کە دستگیرکرا ، کەوابوو ئەنجامەکەیشی هەر بێ یاسایی و پەیوەست نییە بە سادەتری مافی ئینسانەوە . بۆیە هەقی ئازادکردنی هەیە بە بێ مرج و بەندێک .

2005-12-26